

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان بۆ (گوڵان):

# هەر وەبەرهێنەرێک سەرپێچی بکات جگە لەهەڵوەشانەوەی مۆڵەتەکەی سزای داراییش دەدرێت

■

## بۆ پرۆژەکانی نیشتەجێبوون سەرنج و تێبینیمان لەسەر کەرتی تایبەت زۆرە و چیتر نابێت ئەم بوارە وەکو سێکتەری سەرمایەگوزاریی سەیر بکرێت

■

## لەساڵی ٢٠٠٦وەوە تا ئێستا مۆڵەتی وەبەرهێنان دراوە بە ٥٣٤ پرۆژە و قەبارەی وەبەرهێنانیش لەهەرێمی کوردستان گەیشتۆتە ٢٦ ملیارو ٥٧٤ ملیۆن دۆلار

■

**(هێرش موحەرەم) سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان باسی لەژینگەی وەبەرهێنانی کوردستان و ئەو پێوەرانە کرد کە پێویستە بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆژەکان دانرێت، ئەوەشی خستەڕوو کە تا ئێستا زیاتر لە ٤٥ پرۆژەیان هەڵوەشاندۆتەوەو لەمەودوا سزای ئەو وەبەرهێنەرانەش دەدەن کە سەرپێچی دەکەن. هەروەها نیگەرانی خۆی دەربڕی بەرامبەر بەوەی کەرتی تایبەت تا ئێستا ستراتیژییەتێکیان بەحکومەتی هەرێمی کوردستان نەداوە، تەنانەت راوەستانی بەشێکی پرۆژەکانی نیشتەجێبوونیش بۆ ئەو کەموکورتیانە گەڕاندەوە کە لەلایەن کەرتی تایبەت ئەنجام دراوە. سەبارەت بە دوا بڕیارو راسپاردەکانی تایبەت بە وەبەرهێنانیش چەند زانیارییەکی خستەڕوو . لەم راپۆرتەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

سەرەتا سەبارەت بەو ئاستەنگ و بەربەستانەی کە بوونەتە هۆی کەوتنەوەی کەموکوڕی لەهەندێك پرۆژەی وەبەرهێنان هێرش موحەرەم سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان وتی: کاتێك لەساڵی ٢٠٠٦ یاسای وەبەرهێنان لەپەرلەمان پەسەند کرا، ئەو دەمە پێویستمان بەوە هەبوو بەپێی ژینگەی ئابووریی هەرێمەکەو بارودۆخەکە مامەڵە لەگەڵ واقیعی ئەو سەردەمە بکەین، واقیعی ژینگەی وەبەرهێنانیش لەهەرێمی کوردستان خاڵی باش و سلبی تێدا بووە، هەربۆیە یاسای وەبەرهێنان بەراورد بەیاساکانی وڵاتانی دەوروبەرو بگرە جیهانیش ئاسانکاری و یارمەتی زۆری بۆ وەبەرهێنەرەکە تێدایە، لەژینگەیەکدا کە حکومەت و هاووڵاتیان پێشوازیکارن لەوەبەرهێنەران و وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بڕوایان بەهاوبەشی لەگەڵ کەرتی تایبەت هەیە و هەلەکانی بەدەستهێنانی کارو پرۆژەش زۆرە، ئەمە جگە لەوەی هێزی کاری هۆشیارو بەتوانامان هەیە. لەگەڵ ئەم خاڵە ئیجابیانە نکۆڵیمان لەوەش نەکردووە کە کێشەی خزمەتگوزاری و رۆتینمان هەبووە، ئەو کات تەنیا ٢ کاتژمێر کارەبای نیشتمانی هەبووە و سیستەمی پێشکەوتووی بانکی و کۆمپانیاکانی دڵنیایی و هۆتێلی ٥ ئەستێرەیی نەبووە، تەنانەت قەیرانە ناسەقامگیرییەکەی عێراق و وڵاتانی دەوروبەر رەنگدانەوەی خراپی لەسەر هەرێمی کوردستانیش هەبووە، هەرچۆنێك بێت بوار بەوەبەرهێنەرانی بیانی و ناوخۆش درا و مۆڵەت بەکۆمەڵێك پرۆژەی وەبەرهێنان لە کوردستان درا کە خۆی لە ٥٣٤ مۆڵەت دەبینییەوە، کە زیاتر بەرەو ئەو بوارانە چوون کە جوڵەی سەرمایە تێیدا خێرابوو وەکو بواری نیشتەجێبوون، لەکاتێکدا ئێمە زۆر پێویستیمان بەبوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ بوو ئەو کات لە ٢٠٠٦ کە دەستمان بە وەبەرهێنان کرد رۆژانە تەنیا ٢٠٠ تەن چیمەنتۆ بەرهەم دەهات، لەکاتێکدا ئێستا رۆژانە ٣٠ هەزار تەن چیمەنتۆ بەرهەم دەهێنرێت، ئەو کات بەرهەمی شیش نەبوو، بەڵام ئێستا رۆژانە ٣٠٠٠ تەن شیش بەرهەم دەهێنرێت. ئەوەبوو لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ و سەرەتای ٢٠١٠ هەستمان بەوە کرد کە یاساکە بۆ سەردەمی پێشوو باش بوو، بەڵام ئێستا پێویستە یاساکەی وەبەرهێنان هەموار بکرێتەوە، چونکە بۆ قۆناغی پێشوو زۆر کاریگەر و باشبوو، گەرچی بۆ ئەم قۆناغەو لەگەڵ ئومێدەکانماندا ناگونجێت و کاتی ئەوەهاتووە پێوەرو پێوانەی باشتر بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆژەکان دانرێت، بۆ نموونە زیاتر کارکردن بەشێوازی گروپ بێتە ناو ئەنجامدانی پرۆژەکان یا هەندێك بڕگەی بڕیاردان لەسەر پرۆسەی سەرپەرشتیکردنی پرۆژەکان لەدەستەی وەبەرهێنان بچێتە دەرەوە، چونکە نەکاری دەستەکەیەو نە لەتوانای ئێمەدایە و ئاست و فراوانی پرۆژەکان لەگەڵ ژمارەو توانای دەستەی وەبەرهێنان یەك ناگرێتەوە. بۆ هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنانیش هەوڵی ئەوەمان داوە راوبۆچوون و سەرنجی زۆرترین لایەن و شارەزایان وەربگرین، تا وەکو یاسایەك بێت لەماوەی چەند ساڵی داهاتوو بتوانێت خزمەت بەبواری وەبەرهێنان بکات، هەر ئەمەشە هۆکاری دواکەوتنی هەموار کردنەوەکە و پرۆسەکە بەهێواشی بەڕێوەدەچێت، بۆ هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنانیش جگە لەسوود وەرگرتن لەئەزموونی وڵاتان و راوبۆچوونی دەستەی راوێژکاری و سەرنجی مامۆستایانی زانکۆو کەرتی تایبەت و راپۆرت و ریپۆرتاژی میدیاکاران وەرگرتووە. هەموارکردنەوەکەش کۆمەڵێك قۆناغی هەیە، سەرەتا پرۆژە یاسایەکەمان هەمواركردووە پێشکەشمان کردووەو لەقۆناغی دووەم دەچێتە فەرمانگەی یاسایی لەئەنجومەنی وەزیران و دواتر دەچێتە ئەنجومەنی شووراو پاشان لە ئەنجومەنی وەزیران گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و دوای پەسەندکردنی رەوانەی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت.

لەلایەکی دیکەوە دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان نزیکەی ٤٥ پرۆژەی مۆڵەتدراوی هەڵوەشاندۆتەوە، بەڵام وەبەرهێنەرە سەرپێچیکارەکان سزا نەدراون، ئێستا لە هەموارکردنەوەی یاساکەدا بڕیاری ئەوە دراوە هەر وەبەرهێنەرێك سەرپێچی یا کەموکوڕی لە پرۆژەو کارەکانیدا هەبێت جگە لەوەی پرۆژەکەی لێهەڵدەوەشێتەوە هاوکات وەبەرهێنەرەکەش سزا دەدرێت، هەربۆیە لەمەودوا دەبێت وەبەرهێنەر پێش دەستکردن بە پرۆژەکە دەبێت خیتاب زەمانی هەبێت.

لەتەوەرێکی قسەکانیدا سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان سەبارەت بەوەی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون نرخیان زۆرەو لەرووی کوالێتی و گەیاندنی خزمەتگوزارییەوە کێشەو گرفتیان زۆرە ئەمە لەکاتێکدا دەستەکەو لایەنی پێوەندار چەندین ئاسانکاری و ئیمتیازاتیان پێشکەش بە وەبەرهێنەکە کردووە لەمبارەیەوە وتی: سەرنج و تێبینیمان لەسەر کەرتی تایبەت لەهەرێمی کوردستان زۆرە، بەڵام ئەزموون و پەیام و سیستەمی حکومەتیش بۆ کەرتی تایبەت تازەیە مێژوویەکی کۆن و پڕ لەئەزموونی نییە و کەرتی تایبەتیش تازە رووەو گەشە دەکات، لەگەڵ ئەوەش دا بەراورد بەساڵانی پێشوو کەرتی تایبەت گۆڕانکاری بەخۆوە بینیوە . منیش پێم وایە کەرتی تایبەت تا ئێستا خیتابێکی یەکگرتووی نییە و ستراتیژییەتی پێشکەش بەحکومەت نەکردووە، کە پشتیوانیکردن مانای چییە؟ ئایا پشتیوانیکردنی

**یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان دەبێت خۆشیان چاودێر بن بەسەر ئەدای وەبەرهێنەران و کار بۆ لێپێچینەوەو بەدواداچوونی پرۆژە و ئاستی وەبەرهێنەران بکەن**

**بەشێک لەهۆکاری راوەستانی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون بۆ کەموکوڕی یا سەرپێچیکردنی وەبەرهێنەرەکان دەگەڕێتەوە**

حکومەت تەنیـــا بەمانای دابینکردنی زەوی یا پێدانی ســـلفەو دەستکەوت دێت ؟ نابێت پشـــتیوانیکردن تەنیا ئەمە بێت، پێویســـتە حکومەتی هەرێم پشتیوانیکردنی کەرتی تایبەت پێناسە بکاتەوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەموکوڕییانە پشـــتیوانیمان لەکەرتی تایبەت کردووەو ئێســـتا دامەزراوەیەك بەناوی (یەکێتـــی وەبەرهێنەران) هەیە، تاوەکو وەبەرهێنەران لەناو ئەم ڕێکخراوە کۆببنەوەو ئەرك و مافەکانی تێدا پێناســـە بکرێتەوەو ڕێکخراوەکە بەشـــێك لە پرۆســـەو بەشـــداری لە بڕیـــاردان بکات. ئێســـتا یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردســـتان بەشـــداری کۆبوونەوەکانـــی ئەنجومەنی بـــاڵای ئابووری دەکەن، بەڵام دەبێت لەهەمان کات خۆشـــیان چاودێر بن بەسەر ئەدای وەبەرهێنەران و کار بۆ لێپێچینەوەو بەدواداچوونی پرۆژە و ئاستی وەبەرهێنەران بکەن، ئێمە کاتێك مۆڵەت بەوەبەرهێنەرێـــك دەدەین وێنەیەکی مۆڵەتەکە بەهەریەك لە یەکێتی بەڵێندەران و یەکێتی وەبەرهێنەران و ژووری بازرگانـــی و یەکێتی پیاوانی کارمـــان داوە بۆ ئەوەی ئاگاداری و شـــارەزاییان لەکارەکان و پرۆژەکان هەبێت و دەرگای هاوبەشـــیکردنیان بۆ بکەینـــەوە و گروپی کۆمپانیاکان دروســـت بکەین، بەڵام جێی داخە تا ئێستا یەك تێبینی و ســـەرنجمان بۆ نەهاتۆتەوە لەســـەر ئەو هەموو پرۆژانەی کە مۆڵەتمان پێداون.

سەبارەت بە راوەســـتانی پرۆژەکانی نیشـــتەجێبوون و گەیاندنـــی پرۆژە خزمەتگوزاریـــەکان لەلایەن وەزارەتە پێوەندارەکانەوە ســـەرۆکی دەســـتەی وەبەرهێنان وتی : بەشـــێك لەهۆکاری راوەستانی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون بـــۆ کەموکوڕیی یـــا ســـەرپێچیکردنی وەبەرهێنەرەکە دەگەڕێتەوە، تەنانەت حاڵەتی گۆڕینی جۆری پرۆژەکە بـــێ رەزامەندی ئێمـــە زۆرە هەر لەم روانگەیەشـــەوە مۆڵەتـــی ٤٥ پرۆژەمان هەڵوەشـــاندۆتەوە . لەلایەکی ترەوە فراوانبوونی پـــرۆژەکان و بەرزبوونەوەی قەبارەیان لەتواناو ئیمکاناتی دەســـتەی وەبەرهێنـــان زیاتر بووە، بەبەراوردکردنێك لەســـەر ژمارەو داتـــاکان و قەبارەی ئـــەو پرۆژانەی وەبەرهێنان کە ئێمە لێی بەرپرســـیارین ئەو راســـتیەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو پرۆژانەی ئێمە لێی بەرپرســـیارین دەگاتە کۆی هەموو ئەو پرۆژانەی کە وەزارەتەکانی هەرێمی کوردســـتان لێی بەرپرسیارن، هەربۆیە هەوڵی ئەوەمان داوە بڕیاردان و سەرپەرشتیکردن لەناو پرۆســـەی وەبەرهێنان بگوازرێتـــەوە بۆ وەزارەتە پەیوەندارەکان کە ژمارەیەکی زۆری ئەندازیارو ئیمکانات و کارمەندیان هەیە.

یەکێك لـــەو رەخنەو گلەییانەی لەکەرتـــی وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردســـتان دەگیرێت ئەوەیـــە کە زۆربەی

**چەند زانیارییەکی پێویست:**

- **قەبارەی وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان: ٢٦ ملیارو ٥٧٤ ملیۆن دۆلار.**
- **ژمارەی ئەو مۆڵەتانەی کە دەســـتەی وەبەرهێنان و بەڕێوەبەرایەتی گشـــتیی وەبەرهێنانی شـــارەکان لە ٢٠٠٦/٨/١ ەوە تـــا ٢٠١٣/٤/٢ داویانە ٥٣٤ مۆڵەتە، کە بەمشـــێوەیە دابەشـــبووە، لەپارێزگای هەولێر: ٢٥٤ مۆڵەت – لە پارێزگای سلێمانی ١٤٧ مۆڵەت – لە پارێزگای دهۆک:١٣٣ مۆڵەت.**
- **قەبارەی وەبەرهێنانی بیانی ٣,٤٨٠,١١٥,٩١٩ کە ١٣ وڵات لەخۆدەگرێت ( ئەڵمانیا – ئەمەریکا– ئێران– ئیمارات– بەریتانیا – تورکیا– جۆرجیا– روسیا– سوید – فەرەنسا – لوبنان – میسر– نیوزلەندا).**
- **قەبارەی وەبەرهێنانی خۆماڵی: ٢١,٦٥٦,٦٦٦,٧٣٢**
- **قەبارەی وەبەهێنانی هاوبەش: ١,٤٣٦,٩٤٣,٢٥٦**
- **وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان بەسەر ئەم سێکتەرانە دابەشبووە( سەرمایە بەملیۆن دۆلار):**
  - **بازرگانی: ٧٨ پرۆژە بەسەرمایەی ٢,٥٤٣,٣٢**
  - **بانکەکان ٢ پرۆژە بەسەرمایەی ٧٤٠,٠٠**
  - **تەندروستی ٢٨ پرۆژە بەسەرمایەی ٣٧٨,٥٤**
  - **پیشەسازی ١١٣ پرۆژە بەسەرمایەی ٥,٣٦٧,٦٨**
  - **خزمەتگوزاری ٤ پرۆژە بەسەرمایەی ٣٨,٧٥**
  - **گەشتیاری ٨٥ پرۆژە بەسەرمایەی ٢,٢٤٦,٨٧**
  - **گواستنەوە ١ پرۆژە بەسەرمایەی ٧٠,٠٠**
  - **فێرکردن ١٤ پرۆژە بەسەرمایەی ٦٦٤,٩١**
  - **کشتوکاڵ ٢٢ پرۆژە بەسەرمایەی ٦٧٤,١٤**
  - **نیشتەجێبوون ١٦٥ پرۆژە بەسەرمایەی ١٣,٥٣٦,٩١**
  - **هونەری ٤ پرۆژە بەسەرمایەی ١١,٧٦**
  - **وەرزشی ١٣ پرۆژە بەسەرمایەی ٧٩,٩٨**
- **کۆی گشتی هەموو سێکتەرەکان ٥٣٤ بەسەرمایەی ٢٦,٥٧٣,٧٣**

وەبەرهێنەران روویان لەکەرتی نیشتەجێبوون کردووە و لەهەردوو کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی دوورکەوتوونەتەوە لەمبارەیەوە سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان وتی: سەرمایە روو لەو کەرتە دەکات کە جووڵەی خێراترو بەدەستهێنانی قازانجی خێراترە، هەروەها بازاڕو خواستی زیاتری لەسەرە، ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ ئەوەی ئەو فلتەرانەی کە پێویست بوو لەیاساکەدا هەبێت پێشتر لەبەر قۆناغەکە نەبوو، هەر بۆیە یاساکەمان راگرتووە تا هەموار دەکرێتەوە پرۆژەکانی نیشتەجێبوونیش رادەگیرێت تا ئەو کاتەی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و رێنمایی نوێ دەردەچێت و مامەڵەمان لەگەڵ پرسی نیشتەجێبوون دەگۆڕین.

لەبارەی ئەو رەخنەیەشەوە کە لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان دەگیرێت بەوەی لەناوچەو پارێزگاو قەزاو ناحیەکان بەشێوەیەکی هاوسەنگ وەبەرهێنان دابەش نەبووە سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان وتی: زۆرجار بەهەڵە لەوەبەرهێنان تێگەیشتووین؛ وەبەرهێنان بودجە نییە تاوەکو بەیەکسانی و هاوسەنگی بەسەر هەموو ناوچەو شوێنەکان دابەش بکرێت، وەبەرهێنان بریتییە لە تێڕوانینی وەبەرهێنەر و بیرۆکەی خۆیەتی و هەر ئەو بڕیار دەدات کە لەکوێ وەبەرهێنان دەکات. ئێمە وەکو دەستەی وەبەهێنان بەرپرسیار نین لەوەی وەبەرهێنەر لەکوێ کار دەکات، قەزامان هەیە کاری زۆری تێدا کراوەو قەزاشمان هەیە هیچ کاری تێدا نەکراوە .بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەوڵمانداوە رێنمایی و ئاراستەیان بکەین، بەڵام دوا بڕیاری کارکردن و وەبەرهێنان لەلای وەبەرهێنەرەکە خۆیەتی.

ئێستا لەگەڵ وەزارەتە پێوەندارەکان سەرقاڵی دانانی پلانێکین تا وەکو ئەو پرۆژەو کارانەی ئەوان ناتوانن جێبەجێی بکەن یا لەبودجەکەدا جێگای نەکراوەتەوە بیدەنە ئێمەو رێکلام و بانگەشەی بۆ وەبەرهێنەران بکەین.

سەبارەت بەوەی زۆرجار هاووڵاتیان گلەیی لەوە دەکەن کە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی وەکو ئاو و کارەبا و ئاوەڕۆ و شەقام بە پڕۆژەکانیان نەگەیشتووە و وەزارەتەکانیش قسەی ئەوەیان هەیە کە ناتوانن پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەو هەموو پڕۆژە نیشتەجێیانە جێبەجێ بکەن، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان وتی: ئەم کێشەیە گەورەو بەردەوامە، ئێمە مۆڵەت بە هیچ پڕۆژەیەکی وەبەرهێنان بەتایبەتی نیشتەجێبوون نادەین ئەگەر وەزارەتە پێوەندارەکان رەزامەندیان لەسەر نەبێت، ئەگەر وەزارەتەکان پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانیان لەلا زۆرو قورسە ئەوە پێویستە لەسەرەتادا رەزامەندی نەدەن و بە تەئکید هەموو ئەو پڕۆژە نیشتەجێبوونانەی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی وەزیری وەزارەتە پێوەندارەکانەوە رەزامەندی وەرگیراوە، بەڵام دیارە ئەو پڕۆژە خزمەتگوزاریانە و بەرنامە و پلانی وەزارەتەکانیش بۆ کارو پڕۆژەکانی خۆیان هەر هەمووی بۆتە فشارێکی گەورە لەسەریان و نەیانتوانیوە بۆ پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون کارو پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان جێبەجێ بکەن، هەر بۆیە هەندێ لەپڕۆژەکانی نیشتەجێبوونی وەبەرهێنان پڕۆژە خزمەتگوزاریەکانیان دواکەوتووە یا هەر پێ نەگەیشتووە.

سەبارەت بە کارو بەرنامە بۆ کەرتی پیشەسازی سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان وتی: ئێستاکە پرۆژەکانی پیشەسازیمان گەیاندۆتە قۆناغێکی دیکە و سەرقاڵی دروستکردنی ناوچەی پیشەسازین لە شاری هەولێرو سلێمانی و ئەمەش قۆناغێکی باشی بڕیوە لەوەداین کە لەگەڵ چەند کۆمپانیا بەجیدی کار و گفتوگۆ کراوە و ئەو کۆمپانیانە لەمبارەوە بەباشی هاوکاری و ئاسانکاری حکومەتیان بۆیان دەرکەوتووە و لە هەوڵی ئەوەداین لەماوەیەکی زۆر نزیکدا ئەو دوو پرۆژەیە بۆ خەڵك رابگەیەنین، لەلایەکی دیکە بیروبۆچوونمان وایە کە پرۆژەکانی وەبەرهێنان و سیستەمی سەرمایەگوزاری لە کوردستان پێویستە بچێتە قۆناغێکی دیکە و لە دروستکردنی هەردوو پڕۆژەی ناوچەی پیشەسازی هەولێرو سلێمانی ئەگەر سەرکەوتن بەدەست بێنین ئەوە شێواز و ئامرازەکانی کارکردن لە سێکتەری پیشەسازی دەگۆڕێت بەرەو ئاڕاستەیەکی زۆر بەرفرەوان کە مامەڵە لەگەڵ ناوچەیەکی گەورە یا شارۆچکەیەکی پیشەسازی بکەین نەك لەگەڵ پرۆژەیەکی پیشەسازی ئاسایی.

لەکۆتایی قسەکانیدا سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان ئاماژەی بەدوا رێنمایی و راسپاردەکانی دەستەی وەبەرهێنان کرد و لەمبارەیەوە وتی : زیاتر لە١٦٠هەزار یەکەی نیشتەجێبوون دروستکراوە یا لەژێر جێبەجێ کردنن ئەم کارانە هەر هەموو دەستەی وەبەرهێنان بەتەنیا کردوویەتی و سەرپەرشتیکردنی ئەم هەموو کارە قورسە و فشاری زۆری لەسەر دروست کردووین بەمەش کوالێتی یەکەکان دابەزیووە، هەر بۆیە لە ساڵی ٢٠١٠ پێشنیارمان کرد کە پرسی نیشتەجێبوون ئاڵۆزە و دەستەی وەبەرهێنان لەچارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون بەرپرس نییە، بەڵکو هاوکارە بۆ کەمکردنەوەی کێشەکە و لەناو پێشنیارەکە داوامانکرد بۆ ئەم پرسە گرنگە دەستەی نیشتەجێبوون دابمەزرێت و لەسەر بنەمای ئەندازیاریی و لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری خاوەنی بڕیاری بێت و بەرنامە و پلانی

**حاڵەتی گۆڕینی جۆری پرۆژەی وەبەرهێنان بێ رەزامەندی ئێمە زۆرە، هەر لەم روانگەیەشەوە مۆڵەتی ٤٥ پرۆژەمان هەڵوەشاندۆتەوە**

**لەگەڵ وەزارەتە پێوەندارەکان سەرقاڵی دانانی پلانێکین تا وەکو ئەو پرۆژەو کارانەی ئەوان ناتوانن جێبەجێی بکەن یا لەبودجەکەدا جێگای نەکراوەتەوە بیدەنە ئێمەو بانگەشەی وەبەرهێنەرانی بۆ بکەین**











**لەماوەیەکی نزیکدا دروستکردنی ناوچەی پیشەسازی لە شاری هەولێرو سلێمانی رادەگەیەنین**

**پرسی نیشتەجێبوون ئاڵۆزە و دەستەی وەبەرهێنان لەچارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون بەرپرس نییە**

خۆی دابنێت بۆ نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستاندا و لە خەڵکی هەژارو کەمدەرامەتەوە دەست پێ بکات تا دەگاتە ئاستەکانی دیکەی کۆمەڵگاو خەڵکەکە ئەو پێشنیارە ئەو کات نەکرا، بەڵام ئێستا دەستەیەك لە ئەنجومەنی ئابووری پێکهێنرا و کاری جیدی دەکەن بۆ ئەوەی لەماوەی مانگێکدا رەشنووسی یاسایەك بۆ دەستەکە ئامادە بکەن و پێشکەش بە پەرلەمانی بکەن بۆ دامەزراندنی دەستەی نیشتەجێبوون و لەگەڵ تەواو بوونی ئەم پرۆژەیە پرسی نیشتەجێبوون بەتەواوی وەکو مەلەفێك بەو دەستەیە دەسپێردرێت و ئەوان کار لەسەر نیشتەجێبوون دەکەن. سەبارەت بەراگرتنی هەندێ پرۆژەی نیشتەجێبوون بۆ ئەم هۆکارانە دەگەڕێتەوە، یەکەم: هەندێ لە وەبەرهێنەران بەئەرکەکانی خۆیان پابەند نەبوون و لە ئەنجامدا پرۆژەکان دواکەوتووە و ئێمە بەسەریان فەرز دەکەین کە مافی هاووڵاتیان لە هەر شوێنێکە قەرەبووی بکەنەوە دەنا ئێمە ئامۆژگاری هاووڵاتییانمان کردووە کە کەیسەکان بۆ دادگا بگوازینەوە. دووەم: هۆکارێکی دیکەی کاریگەریش لە دواکەوتنی پرۆژەکان بۆ خزمەتگوزارییەکان دەگەڕێتەوە کە لەلایەن وەزارەت پێوەندارەکانەوە نەکراوە و لەمبارەوە ئێمە نامانەوێت بەشێوازێك لە شێوازەکان وەزارەتەکان ئیحراج بکەین کە نەتوانن بەرنامەکانی خۆیان لە وەزارەتەکان تەواو بکەن هەموو میزانییەکانی هەیانە تەرخانی بکەن بۆ خزمەتگوزاری پرۆژەکانی نیشتەجێبوونی دەستەی وەبەرهێنان. سێیەم: پێویستمان بە زانیاری و داتا وردو هەستیار هەیە وەکو ئەوەی ئایا چەند یەکەی نیشتەجێبوون پێویستە و ئەو یەکانە لەکوێ و لەچ ئاستێك بن و رووبەری یەکەکان چەند بێت و بەبڕی چەند تەواو بکرێت. لەبەر نەبوونی هەموو ئەو زانیاری و داتاو کەموکوڕی و هۆکارانەی ئاماژەمان پێکرد پێشنیاری راگرتنی ئەو پرۆژانەمان کرد و لەلایەکی دیکەوە پێشنیارمان کردووە چیتر پرۆژەی نیشتەجێبوون وەکو سێکتەری سەرمایەگوزاریی سەیر نەکرێت.

گوێڕایەڵی هاووڵاتیان بۆ پابەندبوون بەرێنمایەکانمان و ئاگادارکردنەوەمان پێش ئەوەی گرێبەست لەگەڵ وەبەرهێنەرەکان بکەن دەبێت بە شێوازێك بۆ پارێزگاری لە مافەکانیان و بە وەبەرهێنەرەکانیش دەڵێین مافەکانی هاووڵاتیانیان لەئەستۆی دایە و دەستەی وەبەرهێنان پشتیوانی لە هاووڵاتیان دەکات و لەهەر شوێنێك مافی هاووڵاتیان خورابێت ئەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەموو توانایی یاسایی خۆمان بەکار دەهێنین لە کاتێکدا پێمان چارەسەر نەکرا ئەوە ئێمە و هاووڵاتییەکان بەیەکەوە بۆ وەرگرتنەوەی مافی هاووڵاتییەکان دەچینە دادگا.